# مەرجەکانی پێدانی مۆڵەت بە کۆمپانیاکانی هێنەری خزمەتکاری ناوماڵ

١. نابێت شوێنەکە لە (١٥٠م٢) کەمتر بێت ، ئەگەر هاتوو لەم رووبەرە کەمتر بوو ئەوە دەبێت شوێنی حەوانەوەی کرێکاران لە ئۆفیس جیابکرێتەوە.

٢. ئەگەر ئۆفیس و شوێنی حەوانەوەی کرێکارەکان لەیەك بینایە بێت ئەوە پێویستە لەیەك جیابکرێتەوە.

٣. دابین کردنی سەرپەرشتیارێکی ئافرەت کاتی کارەکەی تا ئێوارە بێت بۆ سەرپەرشتی و چاودێری کاری کرێکاران.

٤. دابین کردنی مەرجەکانی تەندروستی و سەلامەتی پیشەیی ئۆفیس و شوێنی حەوانەوەی کرێکاران وەك : (ئاگر کوژێنەوە، دەرمانخانە، .......هتد).

٥. دابینکردنی گشت پێداویستیەکانی ژیان وەك:-

أ- چیشتتخانە وەکو : (کاونتر، طباخ ، مغسل، بەفرگر ، ساحیبة....هتد )

ب-ژووری نوستن وەکو: (سیسەم وپیداوستیەکانی ، دۆلابی جل ، سپلیت ..........هتد)

ج- حمام وەکو : (غسالە ، گیزەر .......هتد

٦. هەبوونی پسولەی وەرگرتنی پارە و ئامادە کردنی تۆمارێك بۆ تۆمارکردنی ناوی خزمەتکارەکان و تۆمارکردنی کاتی چوون وگەرانەوەیان وهەرپێزانینێکی تر کە پەیوەستە بە کرێکارەکان.

٧. هەلواسینی تابلۆ بە پێوانەی (٣×٢) لە رووی پێشەوەی شوێنی کۆمپانیا و شوێنی حەوانەوەی کرێکارەکان ئەگەر بە جیا بوو .

٨. ئۆفیسی کۆمپانیا بە لایەنی کەم لە دوو ژوور کەمتر نەبێت .

٩. بەر لە وەرگرتنی مۆڵەت لەسەر خاوەن کۆمپانیا پێویستە بەڵێن نامە بدات لەبەشی یاسایی کە بەگشت مەرج و رێنمایی و یاسای وەزارەت پابەند بێت .

١٠. پێشکەش کردنی بەڵگەنامە فەرمیەکان کە لە تۆمارکردنی کۆمپانیاکان دەردەچێت وەك :

ا-بروانامەی دامەزراندنی کۆمپانیا .

ب-بریاری کارگێری .

ج-بریاری رەزامەندی دامەزراندنی کۆمپانیا.

د-بەیانی دامەزراندن و کۆنووسی کۆبوونەوە .

ه- رەگەزنامە و ناسنامەی خاوەن کۆمپانیاکە .

١١. پێویستە خاوەن کۆمپانیا پابەند بێت بە دەستەبەرکردنی کرێکار و فەرمانبەرانی کۆمپانیا بەپێی یاسای ٣٩ لە ساڵی ١٩٧١ی هەموارکراو بەیاسای (٤) ساڵی ٢٠١٢.

١٢. گۆرینی شوێنی ئۆفیس و حەوانەوە بەرەزامەندی بەرێوەبەرایەتیمان دەبێت وە ئەو شوێنەی بۆی دەگوازرێتەوە دەبێت هەمان مەرجەکانی سەرەوەی تێدا بێت .